کتێبی ژیانەوە

# ژن لەسەردەمی دیموکراسیدا

ن: ئیسماعیل مەزهەر    و: سۆزان جەمال    بەشی نۆیەم



تاکو سەردەمانیکی نزیک لەمەوپیش ئەلمانیا لەگەڵ زۆربەی وڵاتە ئەوروپییەکان سەبارەت بەخویندنی باڵای ژنان کۆك نەبوو، حکومەتی رۆسییش بەشیوەیەکی تایبەتی بەرگریی لەهەر بزوتنەوەیەك دەکرد کە ئامانجی بەخشینی مافی چوونە ناو زانکۆکانو مۆڵەت پیدانی ژنان بیت لەئیشکردن لەبواری پزیشکیدا، لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا لەروسیا (209) خویندنگەی سەرەتایی بۆ کچان هەبوون تەنها (17) خویندنگەیان بەریوەبەرەکانیان ژن بوونو ئەوانی دیکەشیان گشتیان بەریوەبەرەکانیان پیاوبوون، هەروەها شیوازی بیرکردنەوەی چینی حوکمرانو زانکۆکان بەتەواوەتی دژی هەر بزوتنەوەیەك بوو کە ئامانجی یەکسانیی نیوان هەردوو رەگەزەکە بیت لەبوارەکانی خویندنی باڵاو رۆشنبیریی گشتیدا.

لەسالی 1850شدا یاسایەك دەرچوو بەپیی ئەویاسایە ریگە لەژنان گیرا ئەندام بن یان ئامادەی هەر کۆبوونەوەیەك بن کە تایبەت بیت بەسیاسەت یان لیدوان دەربارەی مەسەلە سیاسییەکان بکات، هەروەها لەنەمساو دەولەتەکانی دیکەی وەکو ئەلمانیاش ئەمجۆرە یاسایە هەبوو، بەڵام سەدەی نۆزدەهەم هیشتا کۆتایی پینەهاتبوو کاتیك کە ئەلمانیا رینسانسیکی مەزنی لەخویندنی ژناندا بەخۆوە بینیو نەمساش بەدوایدا چاوی لیکرد، بایەخدان بەخویندنی ژنان لەئینگلتەرا لەهەموو لایەنەکانییەوە دەستی بەسەردا گیرا هەروەك هاوتاکانی لەوڵاتەکانی دیکەی کیشوەرەکەداو ژنانی ئینگلتەرا خاوەنی رابردوویەکی پیشینەبوون لەزانستو ئەدەبوهونەردا بە بەراوردکردن لەگەڵ ژنانی وڵاتە ئەوروپییەکانی دیکە، چونکە وا دەزانرا کە خویندن کاردەکاتە سەر باری هاوسەریتیو لەوانەیە لەخۆشیو بیگەردییەکەی کەمبکاتەوە، لەبەرئەوەی ریژەی ئەو ژنانەی کە پەنایان دەبردە بەر هاوسەریتی کردن بەوپیودانگەی دوا پەناگەیانەو تاکە سەرچاوەی ئابوورییانە، کەم دەبیتەوە یاخود لەوانەیە لەبەرئەوەبیت کە فیربوون کاردەکاتەسەر ناوەرۆکی پەیوەندیی هاوسەریتی، چونکە ژنوپیاو ئەگەر بەرژەوەندیی جەوهەریی یاخود ئەو بیرۆکانەی کە لەخەمو پەژارەدا هاوبەشیان دەکات پیکەوە کۆیان بکاتەوە، ئەوا پەیوەندییان بەهیزترو توندوتۆڵتر دەبیت، بەڵام لەواقیعدا خویندنی ژنان بەتەواوەتی پیچەوانەی هەموو ئەمانەبوو، ئەو جیاکارییە گەورەیەی کە لەرووی راوبۆچوونو ئارەزووەکاندا لەنیوان ژنوپیاواندا هەبوونو هۆکاربوون لەڕووداوی ئەو لێکترازانە نوێیانەی لەناو خێزانە ئەوروپییەکانی کیشوەرەکەدا رویاندەدا، لەئینگلتەرادا کەمبوونەوە یان بەتەواوەتی ونبوونو رۆحێکی لێبوردەییو ئاسانکاریی سەریهەڵداو جێگەی رۆحی کۆنە دژایەتییەکەی گرتەوە.

هەروەها ئەزموونەکان سەلماندیان کە ئەو ترسەی سەبارەت بەپشتگوێخستنی کاروباری ماڵەوە لەلایەن ژنی خوێندەوارەوە هەیە، تەنها ترسێکی خەیاڵی بێجێیەو هیچ هۆیەك نییە بۆ دروستبوونی، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەگەر تەنها ژنێك کاروبارەکانی ماڵەکەی پشتگوێ بخات لەبەرئەوەی خوێندەوارە ئەوا بەسەدەها ژنی دیکە بەهۆی گاڵتەپێکردن یان خراپەکارییەوە ماڵەکانیان پشتگوێ دەخەن، سەبارەت بەو بازدانو لەخۆبایی بوونو زیادەڕۆییەش کە هەندێك لەژنانی خوێندەوار لەڕاوبۆچوونو ئارەزووەکانیاندا دەریان دەبڕی، کارێکی نائاسایی نەبوو، چونکە نموونەی ئەو ژنانە وایان هەستدەکرد کە پشتگوێ خراونو لەجەنگێکی هەمیشەیدان لەگەڵ بارودۆخەکانی کۆمەڵەکەیاندا تەنها رۆڵی نارەزایی کەریان نەدەبینی، بەلکو هەستیان دەکرد گالتەپیکردنو سوکایەتیش بەرامبەریان دەکریت، بەڵام هەر کە گۆرانەکان دەستی پیکردو ئەو بارودۆخانەی کە پیشتر سروشتی نەبوون بوونە سروشتیو ئەو مەسەلانەی لەلایەن کۆمەلەکانەوە پیشتر دانی پیدا نەدەنرا، دانی پیدانرا.

گشت رۆژگارە نائاساییەکانیش لەلای ژنی خویندەوار سرایەوەو بیرکردنەوەی هیوربۆوەو ئینجا بروای هینا کە کۆمەلەکەیان بۆ ئەوانەو ئەمانیش هەر لەوانن، ترس لەنیازیکی خراپی دیکەدا پەیدابوو کە وا دەزانرا لەوەی پیشوتر بەزێنەرترو پڕ فرۆفێڵتر دەبێت ئەویش ئەو بڕوایەبوو کە پێیوابوو رێچکەی کێبڕکێی عەقڵی دووفاقییەکی (جیاوازییەکی) گەورە لەنێوان ئامادەباشی پیاوو ئامادەباشی ژندا ئاشکرا دەکات، بەوپێیەی کە پێکهاتەی ژن کە جۆرە نەرمیو ناسکییەکی تێدایە، بەڵام ئەو کەسانەی لەئینگلتەرا پشتگیریی خوێندنی باڵای ژنانیان کرد ئەم مەترسییەیان پشتگوێ نەخست، لەبەرئەوە بەوردی کۆششیان کردو شارەزایانە هەوڵیانداو سەرکەوتنیان لەڕزگاربوون لەوبیرۆکەیەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا بەدەستهێنا، ئەنجامی کۆششەکانیشیان روودانی گۆڕانێکی گەورەبوو لەڕاو ئارەزووەکانداو (نەتەوە)ش بەبێ هەستکردن بەڕوودانی هیچ جۆرە گۆڕانێك رازیبوو، بەشێوەیەك ئەو جوانیو لەش سوکییەی کە هەڵقوڵاوی تەندروستییەکی باشبوو هێواش هێواش جێگەی ئەو ناسکییەی گرتەوە کە دەرئەنجامی نەخۆشییو لاوازییو بێهێزییو پوکانەوەی دەمارەکان بوو، کە ئەمانە لەسەدەی هەژدەهەمدا نموونەی جوانی بوون، هەروەها تەنانەت جلوبەرگو پۆشین گۆڕانی بەسەرداهاتو بەپێی باری دروستی هەڵدەبژێردراو لەبەردەکراو چوستوچالاکیی وەرزشی بووە یەکێك لەپێداویستییەکانی ژیان، ژنان کاتەکانیان بەوەرزشو ئەو کارانەوە بەسەردەبرد کە مێشکی دەبوژاندنەوەو دەوڵەمەندی دەکردن، واتا ئەم بزوتنەوەیە پێشکەوتنی عەقڵیی ژنانیشی لەگەڵ خۆیداهێنا، تەنانەت هکسلی وتویەتی کە لەماوەی ئەو پەنجا ساڵەی ناوەندی سەدەی نۆزدەهەمدا ناوەندی هێزی جەستەیی لەژنە ئینگلیزییەکاندا بازدانێکی گەورەی بەسەرداهات بەتایبەتی لەنێو چینە بەرزەکانو چینە مام ناوەندییەکانی کۆمەڵدا، خوێندن بووە خێروبەرەکەتێکی گەورە بۆ ئەو ژنانەی کە هاوسەرێتیان نەکردبوو کە لەناو ژنانی دەوڵەمەندو هەژاریشدا ژمارەیان زۆربوو، هەرچەندە خوێندنەکەیان نەگەیشتبوە پایەی نموونەیی بەرز، بەڵام بەلایەنی کەمەوە چەکێکی پێبەخشین کە روبەڕووی جەنگی ژیانی پێ ببنەوە، چونکە تواناکانیانی زیادکردوو دیدیانی بۆ ژیان بەرفراوان کردو پەیوەندییان بەکۆمەڵێك پێداویستیو بەرژەوەندییەوە کرد کە پێشتر دووربوون لێیەوە، لەگەڵ هەموو ئەوانەدا کە خرایەڕوو، دەڵێم توێژەرەوەی وریا نابێت ئەو گۆڕانە گەورەیەی لەیادبچیت کە لەناوەندە بەرزەکانی کۆمەلی ئینگلیزیدا کە لەماوەی ژیانی دوانەوەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا روویدا بەتایبەتی سەبارەت بەبارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان کە بەسنوریك دانرابوو ریگەی بەژنان نەدەدا لەڕووی کارکردنەوە لێی تێپەڕبن، بیرۆکەی گریکی کۆن سەبارەت بەکاری ژن پێیوابوو پێویستە کاری ژن لەسنوری ماڵ نەچێتەدەرەوە، ئەم بیرۆکەیە کە تاکو کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم لەئەڵمانیا رەواجی هەبوو، ئاوابوو، کاریگەرییەکەشی لەسەر بەریتانیا کاڵبۆوەو ژمارەیەك لەخانمانی بەریتانیا هەمان ئەوکارانەیان بەچالاکییو متمانەوە جێبەجێدەکردو خزمەتگوزارییان پێشکەش بەکۆمەڵ دەکرد کە پیاوان دەیانکرد، ئەم گۆڕانەش گشت مەیدانەکانی کاروکارکردنو یارییو کات بەسەربردنو نەریتەکانی گرتەوە، تاکو کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم داب‌ونەریت لەبەریتانیا رێگەی بەژنێك نەدەدا بەبێ پاسەوان بەشەقامەکانی لەندەندا هاتوچۆ بکات، ئەگەر ژنێك بیویستایە بڕوات بۆ شوێنێك دەبوو لەگالیسکەی داخراودا بڕواتو لەبارودۆخی زۆر ناچاردا نەبوایە رێگەی گەشتکردنی پێ نەدەدراو پێویستیش بوو پیاوێك کە جێگەی متمانەی بێت ببوایە بەهاوسەفەری، کەواتە خەڵکی ئەو سەردەمە چۆن تەماشای ئەم رۆژگارەی ئێستاکە دەکەن ئەگەر بگەڕانایەتەوە بۆ لامانو بیاندیبایە خانمانو کچانی گەنج چۆن لەباوەشی کۆمەڵدا تەماشای ئاهەنگەکانی تۆپی پێ دەکەن هەروەك کوڕان لەزانکۆکاندا تێکەڵاویان دەبنو ئامادەی هۆڵی وانەوتنەوەو تاقیکردنەوە گشتییەکان دەبنو لەسەر سەکۆکانەوە وتار بۆ جەماوەر دەخوێننەوەو بزوتنەوە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان بەڕێوەدەبەنو بەشاخەکانی ئەلبدا سەردەکەونو بەشداریی یارییە وەرزشییەکان دەکەنو بەبێ هاوڕێیەتی پیاو گەشت دەکەنو بەچواردەوری جیهاندا دەسوڕێنەوەو بەئازادی خۆیان ئەوەی ئارەزووی دەکەن دەیخوێننو گفتوگۆ لەسەر هەموو ئەو مەسەلانە دەکەن کە پاڵپشتی ئاینیو زانستیو فەلسەفەییان هەیە، لەوەدەچێت ئەوەی زیاتر سەرنجییان رادەکێشێت بینینی ئەو مەخلوقەبێت کە بەشەڕانیو ورووژێنەر ناسرابوو، ئێستا کائینێکی نەرمو هێمنەو بەئاسانی جڵەوی دەگیرێت، کە لەنێوان ئەم کائنە هێمنەدا (پیاو)و ئەو ژنانەی لەو سەردەمە دێرینانەدا ناسیویانە تەنها ئەو سیفەتانە بەیدەکریت کە سروشت سەپاندویەتی بەسەر هەردووکیاندا.

ئەو هۆیانەی کە بوونەتە هۆی دەرکەوتنی ئەم جیاوازییە ئاشکرایەو ئەو دەرئەنجامانەش کە لیی کەوتوتەوە، مەیدانی بەرفراوانیان لەبەردەمماندا بۆ تویژینەوە واڵاکرد کە نابیت هەروەها بەبێ بایەخ بەسەریدا گوزەر بکەین، هەندیك پییانوایە کاریگەرییەکەی لەکاریگەریی شۆرشی ئەدەبیی بۆ سەر رەوشتی ژن کەمتر نەبووە، بیگومان جیاوازییەك کە ناتوانریت نکۆلی لیبکریت یان کاریگەرییەکەی بشاردریتەوە رویداوە، بەڵام لەلای من وادەردەکەویت کە زیادەرۆیی لەبوارەکەیدا کراوە، سروشت جیاوازیی لەنیوان ژنوپیاودا داناوە کە تیپەربوون لیی یان زالبوون بەسەریدا مەحالە، لەماوەی هەموو سەردەمەکاندا ژن یان دایك بووە یان هاوسەر، ئەمەش بەرزترین پایەبووە کە پیی گەیشتووە، هەرواش دەمینیتەوە لەهەموو سەدەکانی ئایندەشدا، کە چەسپاوترین سودو ناسکترین سۆزی نەوە لەدوای نەوە لەگەڵ خۆیدا گواستویەتییەوەو دەبینین جیاوازییەکان لەکایە رەوشتییە ناسکەکاندا دیارترو ئاشکراتربوونو هەروەها سیبەری هەندیك لەسیفەتە ژنانییەکان بەرەو پوکانەوەو ونبوون رۆیشتون لەکاتیکدا هەندیکی دیکەیان زیاتر قولبوونەوەو بەهیزبوون.

لەئایندەشدا زیاتر لەوانەیە ژنان هەر بەباشیو خراپی بمیننەوە، خۆپەرست بنو غیرە بکەن، بەریژەیەك پاریزگاریی مانەوەی ئەم سیفەتانە لەدەروونیاندا بکەن، بەڵام سیفەتە باشو خراپەکانیان بەشیوەیەکی جیاواز لەوەی ئیستاکە هەیە لەگەڵ دەروونیاندا تیکەڵاو دەبیت.

لەوانەیە لەلای ژنانی هاوچەرخ بریکی گەورە لەدانایی لەبریارداناو دان بەخۆداگرتنو ئازایەتیو سەربەخۆییو باریکی فراوانتر لەسۆزو بەرژەوەندییە مادییەکان بەدی بکریت زیاتر لەوەی کە لەرۆژانی رابردوودا هەبوون، ژن زیاتر بەگومان بیتو کەمتر ساکارو خۆش باوەربیت لەبەردەم ئەفسانەو وەهمەکاندا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەسروشتدا ساردترو رەقیتی توندتر دەبیت، لەوانەیە غیرەکەی کەمتر نەبیتەوە بەڵام سەرچاوەی غیرەکەی بگەریتەوە بۆ خۆشەویستی ئەرکەکەییو ئەو نەریتە چەسپاوەی کە لەسەری دەروات.

رەگەزەکانی هەلچوونو هاندانو خەیالییەکان لەسروشتیدا بەهەموو زیانو چاکەکانییەوە کەمتر لەسیفەتەکانیدا دەردەکەون، بەڵام لەچینە باشەکانیاندا، هیزی هەستکردن بەئەرکەکانیان ئاراستەکراو دەبیت بۆ ئامانجەکەیان، رۆشنفکریی لەبریارداناو دانایی لەبیروبۆچوونەکاندا ئەو هیزە دەبیت کە بەرەیوەیان دەباتو بەفراوانبوونی بازنەی بەرژەوەندییەکانی کەسانی دیکەو قوربانیدان لەپیناویدا، ژیانیش پرشنگدارترو روناکتر دەبیت، بەڵام لەوچینانەدا کە نزمترن، ئەو ئارەزووانەی کە عەقڵ رینماییان ناکات بازنەکەی تەسکتر دەبیتەوەو کاریگەریی لەژیاندا کەمتر دەبیت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئاینو کۆتوبەندە کۆمەڵایەتییەکان لاوازترو زیاتر خاو دەبنەوە.

---

## ئەگەر بمانەویت تەوژمیك بدریت بەریکخراوەکانی ژنان

رووناك

ئەگەر بمانەویت گوروتینو تاویکی ئەوتۆ بەریکخراوەکانی ژنان بدریت کە لەئاستی پیویستدا بیت، دەبیت بەر لەهەموو شتیك بیر لەوە بکریتەوە کە هەموو ئەو کۆسپو لەمپەرانە لابدرین کە ریگرن لەبەردەم چالاکییەکانی کادری ژناندا کە ژمارەیان زۆرەو هەریەکەیان باسیکی سەربەخۆ هەلدەگریت، ئیمەی ژنانی کورد لەخۆرهەڵاتدا دەژینو لیرەش چەندان داب‌ونەریتی ئەوتۆ هەن کە رەنگە لەگەڵ هەموو ویستەکانی ئیمە یەکانگیر نەبیت، بۆیە پیویستمان بەهەنگاوی ژیرانەیە.

کۆنەپەرستەکانیش کۆسپیکن لەبەردەم کادرەکانی ژنان، چونکە ئەگەر هیچیان پینەکریت، ئەوا تیرو توانج دەگرنە ئەو پیاوانەی کە ژنەکانیان لەریزەکانی ریکخراوەکانی ژناندا کاردەکەن، لەوپیناوەشدا دەیان قسەو قسەلۆکی بێ بنەما هەلدەبەستنو لەریی دروستکردنی کیشەی خیزانییەوە هەولی شکست پیهینانی کادری ژنان دەدریت.

کۆسپیکی تری کادری ژنان ئەوەیە، دەبیت هەم کارەکانی مالی رایی بکاتو هەم ئەرکو فەرمانی ریکخراوەیی جیبەجێ بکات، کە کۆکردنەوەی ئەو دووکارە پیکەوە بیگومان کەمتەرخەمیی لەیەکیکیاندا دروستدەکاتو سەرەنجام ئەو کادرە روبەرووی کیشە دەبیتەوە.

هۆکاریکی تر لەساردبوونەوەی کادرەکانی ژنان ئەوەیە، ئەگەر بۆ رۆژانی خەباتی شاخ بگەرییندە دەبینین، زۆربەی سەرکردەو لیپرسراوەکان لەرۆژگاری شاخدا، ژنەکانیان هاوشانی خۆیانو لەگەڵ پیاواندا لەژیانی تالیو سویرییو شەرو رەودا ژیاون، کەچی ئەمرۆ هەمان ئەو کەسانە دەگمەن نەبیت ریگە بەژنەکانیان نادەن بینە ناو ریکخراوەکانی ژنان، یاخود کاریکی تایبەت بەخۆی ئەنجامبدات.

لەبەرئەمانەو دەیان هۆکاری تر دەبینین ئەرکی کادری ژنان لەئەرکی کادری هەموو ریکخراوە پیشەییەکانی تر گرانترەو زۆر لەژنانو کچان-یان نایەنە ناو ریکخراوی ژنان، یان بەدلەراوکێو دوودلییو ترسەوە دینەپیشەوە.

بۆیە من پیموایە ئەگەر بمانەویت کادرەکانی ژنان کاراتر بکەین، دەبیت بەراچاوکردنی هەموو ئەوخاڵانەی ئاماژەمان بۆ کردو چەندان کۆسپی تریش بیر لەئالیەتی ئەوتۆ بکریتەوە کە بەسەر هەموو ئەو کۆسپانەدا زالبینو ئاوردانەوەش لەکادرەکانی ژنان بەریزگرتنی زیاترو ئیمتیازی زیاتر هۆکاریکی ترە بۆ چالاککردنو کاراترکردنی کادرەکانی ژنان.

---

## هەوڵێك بۆ کۆتاییهێنان بەگۆشەگیریی ژنان لەئەفغانستاندا

بەم دواییە نووسینگەیەکی بچووك بۆ هێنانەدەرەوەی ژنان لەقەندەهاری باشووری ئەفغانستان کراوەتەوە، لەو نووسینگەیەدا کە تەنیا چوار کورسیو دوو مەکینەی درووومانی تێدایە بۆ دروستکردنی بوکەشوشەی دەستکردو چەند کتێبێك بۆ فێربوونی خوێندەواریی، بەڵام هەوڵێکی گەورەیە بەکۆتاییهێنان بەو گۆشەگیرییەی کە ژنی ئەفغانی تێیدا دەژی.

ئێستا رێکخراوی ژنان لەقەندەهار تەنیا جێگەیە کە ژنان تێیدا بەسەری روتی دەردەکەونو قسە لەگەڵ خەڵکی بێگانە دەکەن، ئەگەرچی ئێستا بەهەزاران کچ دەچنە خوێندنگەو ژنان بەئازادیی لەسەر شەقامەکان دەبینرێن بێ ئەوەی لەلایەن کەسەوە رووبەڕووی توندوتیژیی ببنەوە، بەڵام دیسانەوە ژنان دودڵن لەوەی کە پەچەی سەردامان تەنیا لەشوێنی ئیشەکانیان دابکەنن یان لەدەرەوەشدا.

دەربارەی ئەم باسە سەرۆکی بزوتنەوەی ژنانی ئەفغانستان بانگەشەی بۆ ئەوەکرد کە ژنان پەچەی سەردامانیان دابکەنن، ئەو پەچەیەی کە بزوتنەوەی تالیبان بەزۆرە ملێو لەماوەی دەسەڵاتیدا بۆ وڵات پێی لەبەرکردبوون.

ئەمینە ئەفزالی وتی قورئانی پیرۆز بەو جۆرە باسی لەپەچەو روپۆشی ژنان نەکردووە وەك ئەوەی تالیبان سەپاندبووی بەسەر ژنانداو بڕیاری بۆ دەرکردبوو. هەروەها لەدرێژەی قسەکانیدا وتی تەنانەت لەکاتی حەجکردندا هیچ ژنێك دەموچاوی داناپۆشێت کە بەجێگەیاندنی ئەرکێکی یەزدانیەتی.

بانگەشەکانی ئەفزالی بانگەوازە بۆ ئەو ژنانەی کە پێش تالیبان کاریانکردووەو دەڵێت دەتوانن پەچەکانیان دابگرن ئەگەر حەزدەکەن بگەڕێنەوە بۆ سەر کارەکانیان، چونکە هەر لەگەڵ وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن تالیبانەوە لەسالی 1996دا یەکسەر رێگەگیرا لەکارکردنی ژنانو زۆریان لێکرا بە لەبەرکردنی پەچەی سەردامان کە ئەویش بەرگێکە سەرتاپایان دادەپۆشێت لەکاتی چوونەدەرەوەیان لەماڵ.

پاش نەمانی تالیبان زۆربەی ژنان بەردەوامبوون لەسەر لەبەرکردنی ئەم بەرگە، بەڵام هەندێکیان وتیان ئێمە لەگەڵ ئەو بیرەداین کە ئەبێت لەبەری نەکەین لەکاتی گەڕانەوەمان بۆ سەر کارەکانمان، بەڵام ئەفزالی ئاماژەی بەم پرسیارە نەدا لەکاتی بانگەشەکەیدا کە لەوانەیە زۆر لەژنە ئەفغانییەکان بیکەن، ئایا پەچەی سەردامان تەنها لەشوێنی کارکردنیان نەپۆشن یان لەڕێگەوبانیشدا واتە لەدەرەوە؟

لەلایەکی تریشەوە حکومەت بەهەموو فەرمانبەرە پیاوەکانیشی راگەیاندوە کە لەماوەی کارکردنیاندا دەبێت شێوە جلوبەرگیان رێکوپێك بێتو ریشیان چاك بکەنو جلوبەرگی رۆژئاوایی لەبەربکەن لەشوینە رەسمییەکاندا، چونکە تالیبان ریگەی لەوەگرتبوو کە ریشیان بتاشنو دەبیت شەرواڵ لەبەربکەن لەگەڵ چاکەتی رۆژئاوایی، بەڵام کاردانەوەی ئەمە پۆزەتیف نییە، چونکە زۆر لەفەرمانبەران چەند مانگیکە (موچەیان) وەرنەگرتووە، بۆیە هەندیکیان توانای ئەوەیان نییە جلی نوێو رۆژئاوایی بکرن. تەنانەت پیش ئەم بانگەوازەشی بۆ شیوازی بەرگی نوێ پیاوانی دینی حکومەتە کاتییەکەیان ئاگادارکردەوە کە ئەم بریارە سەرکەوتن بەدی ناهینیت تەنها لەحالەتیکدا نەبیت ئەویش پەیوەندییان بەداب‌ونەریتی ئەفغانەوە.

بۆیە کارەزای زۆر ئاگاداری ئەوەبوو کە خۆی پیشتر جلوبەرگی رۆژئاوایی لەبەرکردووە، بەڵام ئیستا جلوبەرگی (ئۆزبەکی باو) لەبەردەکات.

بۆیە تائێستا نازانرێت ئایندەی جلوبەرگی ژنانو پیاوانی ئەفغانی چیدەبێتو بەچی دەگات؟